Signature Not Verified
Dengekan
Digitally signed by Dengekan
DN: cn=Dengekan, o=Goran Abdullah, c=US
Date: 2002.12.26 16:32:32 -06'00'

# پوازی داری کورد

حەمەسەعید حەسەن

تورکیا نیازی گڵاوی خۆی ناشارێتەوە، بە عالەمی ئاشکرا دەڵێت: ئەگەر شەڕ لە نێوان ئەمریکا و عێراقدا هەڵگیرسا، بۆیە لەشکر بۆ باکووری عێراق دەنێرم، تا بوار نەدەم کوردەکان جاڕی سەربەخۆیی بدەن.

وەک ڕاگەیاندنی تورکیا بڵاوی کردەوە، ڕژێمی تورکیا زۆر لە قسەکانی جەلال تاڵەبانی کە ڕۆژی سێشەممە ٢٠٠٢/١٢/٢٤ لە ئەنکارا کردنی، ڕازی بووە. ئەو ڕێبەرە کە بریا لە داری کورددا ڕۆڵی پوازی وازی نەکردبا، گوتوویەتی:

(١) تورکیا دۆستی کوردە.

(٢) ئێمە بە هاتنی لەشکری تورکیا بۆ هەرێمی بن دەسەڵاتی کوردەکان، قایلین.

(٣) ئێمە لەگەڵ بەرەی تورکماندا هاوپەیمانین. (١)

بە گوێرەی ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط)یش جەلال تاڵەبانی گوتوویەتی: (ئەگەر جەنگ لە نێوان ئەمریکا و عێراقدا قەوما، من دژی هاتنی سوپای تورکیا بۆ باکووری عێراق، نیم.)(٢)

سایتی پدک هەواڵەکەی وەک لە (الشرق الاوسط)دا هاتووە، بڵاو کردووەتەوە، وەلێ بەرپرسانی سایتی ینک دوا پەرەگرافی هەواڵەکەیان، کە ئەو قسەیەی مام جەلالە و پێیان قووت نەچووە، قرتاندووە.

ئێمەی هەژار چاوەڕێی ئەوە بووین، ئەو ڕێبەرە داوای دەرکردنی (PMF)، ئەو سەربازانەی تورکیا کە بە بیانووی ناوبژیکردنی نێوان پدک و ینکەوە هاتبوون و چوار ساڵ بەسەر ڕێککەوتنامەی واشینگتۆندا تێپەڕی کردووە و هەر ملیان نەشکاندووە، بکات، کەچی وا تەواوی لەشکری تورکیا بۆ کوردستانی ئازاد، بانگهێشت دەکات!

ئێمە بۆیە پێشوازی لە شەڕی نێوان ئەمریکا و عێراق دەکەین، بەو ئومێدەی بە ئازادکردنی ئەو دەڤەرانەی تری کوردستان کە هەنووکە لەژێر چەکمەی بەعسدان، دوایی بێت، نەک بۆ ئەوەی لەشکری تورکیا ئەو بەشەش داگیر بکات، کە ئێستا ئازادە.

کە لە ٢٠٠٢/٩/٨دا بارزانی و تاڵەبانی یەکتریان ڕامووسییەوە، لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن، لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە هەمان گوتاریان هەبێت، ئاخۆ ئەو گوتارە ناکوردستانییەی ینک، گوتاری پارتیشە؟ قەڵەمڕەوی ینک لەگەڵ تورکیادا هاوسنوور نییە، پێ دەچێت مەبەستی تاڵەبانی لە داوەتکردنی لەشکری تورکیا، لە عەرردانی پشتی بارزانی بێت. ئیدی کێ مافی ئەوەی هەیە بڵێت: ینک بەرژەوەندی باڵای نیشتمان ڕەچاو ناکات!

2002. 12. 26

(١) ڕۆژنامەی Star ی تورکی ڕۆژی ٢٠٠٢/١٢/٢٦

(٢) ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط)ی ڕۆژی ٢٠٠٢/١٢/٢٦